# بیرجاش وبازوجاش

www.serben.com

**خالید هەرکی**



لە هەموو سەردەم و رۆژگارێکدا بە گوێرەی پێویستی وبەرژەوەندی یەکانی ئەو سەردەمە چەند گۆران و دیاردەیەک دێنە کا، هۆکارو ئامرازی ئەو دیاردەو گۆرانانەش بنەمای خۆیان لە وپێویستی و بەرژەوەندیانەوە سەرچاوە وەردەگرن.

لە ئاکامی ئەو تێکهەلچونو کارو کاردانەوانەدا دۆخو روالەتێکی نوێ دەخولقێ کە دەبنە تایبەتمەندی و فاکتەری وەرچەرخانە هەنوکەیی یەکانی دۆخەکە.

لەم رۆژگارەدا تۆقاندن(ارهاب) بە هەموشێوەکانیەوە لە پال ووردبونەوە لە شێوازی پیادەکراوی لەم سەردەمە دا کە خۆی لە کاری خۆکوژی وخەلکی بێگوناە کوژ و کاولکاری دادەنوێنێ، دەتوانین بیکەینە مانشێتی چقلی چالاکیەکانی تێکدەر ولە هەمانکات بنیات نەرانی ئەم سەردەمە ش .

بۆ خوێندنەوەی روپەری تۆقێنەران دەبێ بۆ ساتێک 1500 سالێک بۆ دواوە وەرچەرخانێک وەرچەرخێین تا ئاستی تێگەیشتنمان قبولی ئەو دواکەوتن و تێنەگەیشتنەی زمانی مەنتق بکات، زمانو عەقلیەتێک قبولی پێشکەوتنی تەقەنی وئەلەکترۆنیی سەردەم نەکات، رەتی بەرامبەر بکات بە رامبەرێک بەوهەمو زمان ئاسانکاریانەی دونیای فرە عەقل وفرە نەتەوە و فرە ئامراز و فرە فەرهەنگ و کلتورکە لەسەری رێککەوتون و پێکەوە ژیان بەسەردەبەن بەوپەری ئاسودەیی ریز لە بۆچونی یەکتر گرتن بێت.

ئەقلیەتێک تەنانەت ئەوەی لەسەر بروای خۆشی بێت بەلام وەک خۆی خۆکوژو خەلک کوژ نەبێت، ژیانی ئاسودەی خەلکی سڤیل ئالۆزنەکات خەلکی بێخەتا نە شێوێنێ و بەکافر ناوزە د نەکات، لەسەنگەری دوژمنی ئەژمار بکا وخوێنی حەلال بکا.

دەبێ چۆن چۆنی ئەمانە بەخەلک پێناسە بکرێن ؟ ئەم پێناسە کارێکی ئاسان نیە کە خەلکانێک لەرێگای پێناسەوە بتوانێ روی راستەقینەیان پەردە لەسەر هەلمالێ. گەر بێتو بە کردەوە کانیان ئاشنا نەبێت.

بۆ خوێندنەوەی روپەری بنیاتنەرانی ئەم سەردەمەش، دەکرێ وێرای بەرز نرخاندنی دژە

بەرنامەی کاری تۆقاندنیان سوچە چاوێکی گومانیشمان لە ژوان بێ دەنا لە نێوان ئەم دو بەرداشەدا دەبینە ئاردی ناو درکان.

نەریتی نۆکەری و کارکردن و خزمەت بە دوژمن کردن نەریتێکی کۆنە دیرۆکی لە دێرزەمانەوە بۆ ئەم سەردەمە ماوەتەوە زۆرن ئەو گەلانەی گیرۆدەی دەست ئەم نەخۆشیەن ئێمەی کوردیش دیارە لەم بەرهەمە بەشی شێرمان بەر کەوتوە .

پێناسەو زاراوە ی ناساندنی ئەم جۆرە نەخۆشیە بە پێی سەردەم و شوێن ناوی گۆ راوە هەر میلەتێ بۆ خۆی بە شێوەیەک پێناسەی کردوە ، من ناتوانم بە دروستی مێژوی زاراوەی ئەم جۆرە کەسانە لە چەرخی بیستەمدا دیار بکەم بەلام دەتوانم بلێم شاکاری زاراوە کە لەم سەردەمەدا بۆ ئەم پیشەیە زاراوەی (جاش) ە.

جاش وەکو مەفهوم دەکرێتە دو بەش :

1- جاشی بازوو (بازو جاش).

2-جاشی بیر (بیرجاش).

بۆ پێناسە کردنی جۆری یەکەم کە ئەم جۆرە کەسانە دەگرێتە خۆ کە بەوپەری بێشەرمانە هێزوبازو و توانای خۆیان دەخەنە گەر بۆ هەرچی زیاترە بتوانن خزمەت بە بەرنامە و کار وپیلانەکانی دوژمن بکەن دژ بە بەرژەوەندیە کانی میلەتەکەیان ،لە چەک هەلگرتن وتەنانەت کورد کوشتن کاولکردن وتێکدانی شارو گوند، ئەم جۆرە نۆکەرو بەکرێگرتانە خەتەرناکی و زیانیان ئەگەر لە توانای گەل کەم دەکاتەوە بەلام چونکە هەمو کارو نۆکەرایەتیە کانیان دیار وئاشکرایە خۆپاراستن لە زیان وخەتەر ناکیان کارێکی قورس نیە ئەمیش بە هۆ ی ئەوەی پیلانو کرێگرتەیی یەکانیان شاروە نیە.

جۆری دوەمی جاشایەتی بە جاشی بیر دەناسرێت ، ئەم جۆرە جاشانە کاریگەریان لەسەر تێکدانی شیرازەی کۆمەلایەتی و تەگەرە خستنە رێ رەورەوەی چونەپێش و چارەسەری کێشە وگەیشتن بە مافەرەواکانی نەتەوایەتی گەلێک کاریگەرترە ، ئاسەواریشی دوای لە ناوچونیشی بە ئاسانی لە اناو نابردرێت. هەر بۆیە بەرەنگار بونەوەی ئەم جۆرە جاشانە دەبێ گەلێک زیرەکانە ترو وشیارانەتربێت ،ئەم ئەرکەش دەبێ بە هەند وەربگیرێت، چونکە مەجالی کارکردنیان گەلێ لە مەجالی کارکردنی جۆری یەکەم فراوانتر وفرە شێوەترە، کە دەکرێ بۆ چەند تەوەرێک دابەشیان کەین ..

1- بەشی سیخوری(ئەوانەی لەدەزگا سیخوریەکانی وولاتانی داگیرکار کاردەکەن).

2- ئامۆژگاری و راوێژکاری (ئەم بەشەیان دەتوانین لەهەمو بەشەکان خەتەرناکتر بناسێنین ، ئەوکەسانەی کە لەم بەشەداکاردەکەن یا خۆیان دەبیننەوە کارو پیشەیان تەنها چەواشەکاری دەبێت لە ژێر پەردە ودروشمی بریقەدار وسەرشێواندن لە خەلکی، ئەستێرەی درەوشاوەی ئەم بەشە مەلاو بەناو زانا ئاینیەکانن)

3- حزبیەکان(ئەوانەی لە وحیزبانە کاردەکەن کە حزبی غەیرە نەتەوەکەی خۆیانن).

4- کۆنەپەرستان(ئەم بەشەیان دواکەوتوان وکەسانی دژ بە پێشکەوتنی شارستانیەت

دەگرێتەوە).

5- لاسایی ودەروێشی( هەمو لاسایی کردنەوەیەک دورت خاتەوە لە دۆزی میلەت وکەلتورەکەت هێز وتوانات بۆ رێچکەیەکی تر بروات ).

تۆقاندن (ارهاب) کە لە دەسپێکی نوسینەکەماندا ئامازەمان پێدا قۆناگێکە لە قۆناغەکانی جاشایەتی ،چونکە دوژمن تێکدان وکاولکاریی لە ئێمە دەوێت ، تا ئە و کاتەی ئێمە بۆی ئەنجام بدەین لە رێگەی جاشایەتیەوە ئەو پێویستیی بەوە نیە خۆی بۆ ماندو بکات، بەلام هەرکاتێک ئێمە خۆمان لێی کیشایەوە بەهۆی ووشیاربونەوە بێت یا رێگەلێگرتن ئەوسا ناچار دەبێ خۆی دەستی لێ هەلمالێ ،بەلام دەبی ئەوە بزانین کە ئەمە لە بێ چارەیی و دوا هەناسەیی یەتی.